# هەلومەرجی ئێستای كوردستانو خواستی خەڵكی بۆ سەربەخۆیی زەرورەتی ڕێكخراوی "كۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی كوردستان"ی هێناوەتە پێشەوە

## گفتوگۆی خەسرەوسایە لەگەڵ ئەمجەد غەفوور سەبارەت بە پیكهاتنی ریكخراوی "كۆنگرەی ریفراندۆم بۆسەربەخۆیی كوردستان"

**خەسرەوسایە: چەند رۆژ لەمەوبەر بەیاننامەی راگەیاندنی ریكخراویك بەناوی" كۆنگرەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی كوردستان"تان بلاوكردەوە، ئەگەر بكری سەرەتا پێمان بلێی كە بیرۆكە و زەرورەتی پیكهاتنی ئەم ریكخراوەیە بۆ چی دەگەریتەوە و تاچەندێ پەیوەندی بە بارودۆخی ئیستای كوردستان وكیشەی كوردەوە هەیە؟**

ئەمجەد غەفور: مەسەلەی جیابونەوەی كوردستانو پیك هینانی دەولەتی سەربەخۆ لە ریگەی گەرانەوە بۆ رای گشتی خەلكی، لەو شوینەوە لە بۆچونی ئیمەدا تەرح كراوە كە دەولەتی عیراق وەك دەولەتیكی قەومی عەرەبیو وەك بەشیك لە وولاتانی عەرەبی پیناسەكراوە، ئەم واقعیەتە هەمیشە كیشەیكی گەورەو پر دەردی سەری بووە بۆ خەلكی كوردستانو مایەی زولمی نەتەوەییو بە حساب هینانی خەلكی كورد زمان بووە بە دەرجە دوو، یەكەم دەبیت خەلكی كوردستان لە ژیر چنگی بالادەستی شۆفێنستی عەرەبی بیتە دەرەوەو رزگاری بیت ، دووەم دانانی ئعتبار بۆ ئیرادەو رای خەلكی لە دیاری كردنی چارەنوس خۆیدا مەسەلەیەكی حەیاتیە بۆ دابین بونی ئازادی سیاسیو دەخالەتی خەلكی لە سیاسەتی دەولەتدا. بە دوای روخانی حكومەتی بە عس ئالوگۆریك كە وەلام بە ئەسلی كیشەی خەلكی كوردستان باتەوە نەك نەهاتۆتە گۆرێ، بەلكو بەهەمان رەوتی پیشو ئەم كیشەیە باقیەو ئالۆزیو نادیاری چارەنوسی كوردستان زیاتر خۆ نیشان ئەدات.

گیژاوی وەزعی سیاسی عیراق بە تەواجودی هیزەكانی ئەمریكاو هیزە قەومیو ئیسلامیەكانو فەزای تیرۆرستی هیندەی تر وەزعی كوردستانی لە ئایندەیەكی نادیارو مەترسیداردا راگرتووە، ئەحزابی دەسەلاتداریش لە كوردستان بە گویرەی بەرژەوەندیەكانی خۆیانو پابەند بونیان بە سیاسەتو بەرژەوەندیەكانی ئەمریكاوە بەردەوامن لە سەوداو مامەلە بەم كیشەیەو تەرحی عەجایەبو بێمانا بە گویرەی سیاسەتی رۆژو بە پێی بەرژەوەندیەكانی خۆیانو پاراستنی دەسەلاتی سیاسیان دەهیننە ناوەوەو یاری بە چارەنوسی خەلكی كوردستان دەكەن. ئەمانە واقعیەتی وەزعی سیاسی كوردستانەو خەلكی كوردستانی لە بێ دەسەلاتیو چاوەروانیدا راگرتووە. ریكخراوەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی كوردستان لەو زەرورەتو واقعیەتەوە راگەیاندراوە كە ریكخراویكی جەماوەری سیاسی بەربلاو بیت، رابەری خواستی سەربەخۆییو نارەزایەتی خەلكی كوردستان دەكات، شەر بۆ دابین كردنی دەسەلاتو دەخالەتی خەلك دەكات، واقعیەت ئەوەیە ئیستا بە هیچ جۆری بە قازانجی خەلكی كوردستان نییە لە چوارچیوەی عیراقیكدا بمینیتەوە كە ئیسلامی سیاسیو شوفینستی عەرەبی خەریكە بالا دەست دەبنو نەخشە بۆ ئایندەی عیراق دادەریژن، سیناریۆی هەلبژاردنو ئاكامەكانی باشترین نمونەی واقعیەتیكە كە چاوەروان دەكریت عیراقیكی خویناوی بەدوای خۆیدا بهینیت، هەر تەرحو سیاسەتیك ئیستا چارەنوسی خەلكی كوردستان بە عیراقیكی خویناوی گری ئەداتەوە ئەوە ئاشكرایە كە گەورەترین قومارە بە چارەنوسو ژیانی خەلكی كوردستانی دەكات، تەرحی ئیمەو پیك هینانی "كۆنگرەی رافراندۆم بۆ سەربەخۆیی كوردستان" یەكەم لەو واقعیەتەوە سەرچاوە دەكریت كە تا ئیستا خەلكی كوردستان لە بەرامبەر دەولەتی مەركەزیدا كیشەیان هەیەو جیگای مەترسیەكی گەورەیە، ئەو هیزو لایەنانەش خەریكن نەخشە بۆ ئایندەی عیراق دادەریژنو لە مەیدانی سیاسیو دارشتنی دەستوورو پیكهاتنی دەولەتی عیراقو لە شەرو ململانێیاندا بە هیچ جۆری بە دوای چارەی ئینسانی كیشەی خەلكی

عیراقو كوردستانەوە نەبونونین، بگرە دەوری زیاتر دەبینن لە بێدەسەلاتكردنی خەلكیو ئالۆزكردنی وەزعی كوردستانو تەقویەتكردنی روحی شۆفینستیو ئیسلامی سیاسی لە عیراقدا، دووەم تائیستا هیچ هیزو لایەنیكی سیاسی لە كوردستان جدی بە تەنگ ئەم كیشەیەوە نەبونو حەرەكەتیان بۆ نەكردووە، بگرە لە لایەن ئەحزابی دەسەلاتدار لە كوردستاندا بەردەوام سەوداو مامەلەو یاری بەچارەنوسی خەلكیان كردووە، دەوریان بووە لە بێ ئیرادەكردنو دوور خستنەوەی دەوری خەلكی، بۆیە "كۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی كوردستان" ئەو ریكخراوە دەبیت كە هەول ئەدات دەورو ئیرادەی خەلكی بكاتە بنەمای حەرەكەتیو ریكخراویكی جەماوەری بە هیزو بەربلاو لە تەواوی كوردستانی عیراقدا پیك بهینین، بەم هیزە جەماوەریە  فشار بۆ تەواوی ریكخراوە جیهانیەكان بهینین كە دەولەتی سەربەخۆیی كوردستان دان پیا بنین. هەلومەرجی ئیستای كوردستانو خواستی خەلكی بۆ سەربەخۆیی زەرورەتی ریكخراوی "كۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی كوردستان"ی هیناوەتە پیشەوەو بەم جۆرەش هاتۆتە ناو دەستوری كاری ئیمەوە.

**خەسرەو سایە: بەلام هاوری ئەمجەد هەیە دەلیت كەبەدوای هەلبژاردن و بەشداری سەرانی پارتی ویەكیتی لەدەولەت وپەرلەمانی داهاتوی عیراقدا و داننانیان بە "فیدرالیزم بۆ كوردەكان" ئیتر كیشەیەك بەناوی كیشەی كوردەوە نامینی وبەم جۆرەش داواكاری ریفراندۆمیك بۆ خەلكی كوردستان زەرورەتی خۆی لەدەست دەدات ئیوە لەمبارەوە چیدەلین؟**

ئەمجەد غەفور: سیناریوی هەلبژاردن هەنگاوی یەكەمی خۆی تەواو كرد كە كیش كردنی خەلكی بوو بۆ سندوقەكانی هەلبژاردن، بۆ ئەو هەلبژاردنەی كە دەبوا دەنگ بە "عەرەب"و "شیعە"و "كوردو توركمان"... بدریت نەك نوینەرانی خەلكی عیراقو كوردستان لە پیك هینانی دەولەتیكی مۆدیرنو سكولارو پیشكەوتنخوازو غەیرە قەومیدا، ئەم جۆرە تەقسیمە لەسەر بنەمای نەتەوەو ئاین، نەك وەلام بەكیشەی كورد ناداتەوە بە لكو ئالۆزترو سامناك تری دەكات، ئەمجارە ئەحزابی ناسیۆنالستی كوردیش بە ویستو ئارەزوی خۆیان دەبنە شەریك لە پیكهینانی دەولەتیكی كۆنەپەرستی عەرەبی ئیسلامی لە عیراقدا، دەولەتیكی قەومیو شوفینسیو ئیسلامی كە چەندین سالە خەلكی عیراقو كوردستان بە دەست ئەم جۆرە حكومەتانەوە دەنالینن. هەروەها راگەیاندنی هەلبژاردن راگەیاندنی سەرەتای جەنگیكی ناوخۆییە، پیشبركێیە لەسەر ئەوەی كە چ قەوم و مەزهەبێ دەنگی زۆری هیناوە، كام نەتەوەو كام ئاین ئیمتیاز وەردەگریت، هەلبژاردن ئەوا بۆ مانگیك دەچیت تەواو بووە بەلام تائیستا كابینەی حكومەتەكەیان بۆ دروست نابیتو ریك ناكەونو ناتوانن شەری دەستكەوتی ئیمتیازاتی دینیو تائفیو قەومی راگرن، كە ئیمكان نییە ئەو جۆرە شەرانە كۆتایی بێت، ئەمە چ گالتەجاریكە، هەلبژاردنی واقعی  بە مانا دیموكراتیەكەی  ئەوەیە دەبوا لەگەل تەواو بونی هەلبژاردن مەعلوم بوایە كێ سەرەك كۆمارو كێ سەرەك وەزیرانە، دەبوا مەعلوم بوایە چارەنوسی كوردستان چی بەسەر دیت، بەلام ئەوەی بە ئاشكرا دەیبینین، كیشەكان بە قوەتی خۆیان باقینو لە هینانو بردنو شەرو شۆریكدایە مەعلوم نیە لەسەر چی ریك دەكەون لەسەر چی ریك ناكەون، دیار نییە چۆن چارەنوسی عیراقو كوردستان دەبریننەوە، بۆیە ئەوەی كە دەلین داواكاری رفراندۆمیك بۆ خەلكی كوردستان زەرورەتی خۆی لە دەست ئەدات بە گویرەی ئیمتیازیك كە بەناوی كوردەوە لە دەولەتی مەركەزیدا ناوی لیهینراوە، ئەوە هەمان فریوكاریە لە چوارچیوەی سەوداو مامەلە بە مەسەلەی كوردەوە، دووبارە كردنەوەی بێدەسەلات كردنو بێ ئیرادە كردنی خەلكیە، كە بە بۆچونی من تەواو بەپیچەوانەوە هەر ئیستا زەرورەتی رفراندۆم چەند قات زیادی كردووەو گرنگی سیاسیو چارەنوسسازی هەیە بۆ خەلكی كوردستان، بەو دەلیلەی سیناریوی هەلبژاردنو ئاكامەكانی تا ئیستای بە هیچ جۆریك نەیتوانیوە زەرۆەیەك دلنیایی بدات كە كیشەی خەلكی كوردستان چارەسەر دەبیتو دەرگای رەحمەتی لیدەكریتەوە، ئیمكان نییە ئەو

دلنیاییەش بدات، بەلکو ئەگەری ئەوە زیاترە خەلکی دووچاری ژێردەستەیی‌و مەترسی شەری دەولەتی مەرکەزی‌و دەولەتانی ناوچەکە ببنەوە، هەر بۆیە خواستی سەربەخۆیی زۆر زیاتر وەك نارەزایەتی خەلکی کوردستان بەرز بۆتەوە، لەم زەمینەیەوەیە "کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان" ئەو نارەزایەتیە ریك دەخات‌و رابەرایەتی دەکات.

**خەسرەوسایە: بۆچونیك هەیە پێی وایە پیکهاتنی ئەم ریکخراوەیە لەدریژەی کەمپنیکدابووە کەپیشتر بەناوی "کەمپینی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان" لەدەرەوەی ولات کاری‌کردووە، ئیوە لەمبارەوە ئەلین چی؟ ئایا پیتان وانی‌یە ئەم کارەی ئیوە زۆرتر لەگۆرینی ناودەچیت؟**

ئەمجەد غەفور: ئەم ریکخراوە دریژەی هیچ ریکخراویکی تر نیەو هەروەها گۆرینی ناوی ریکخراویکی تر نییە، سەربەخۆیە لە هەر پێشینەو پیکهاتیکی تر، ئەم ریکخراوە هەروەك پیشتر ئاماژەم بۆ کرد لە زەرورەتی واقعیەتی ئیستای کوردستانەوە مەترەح کراوە کە خەلکی کوردستان تیکەل بەو گیژاوو شەروشۆرەی ناو عیراق نەکریت‌و کوردستان جیابکریتەوەو دەولەتیکی سەربەخۆی تیا پیك بهینریت، لەوانەیە بۆ هەمان مەبەست ریکخراوی تر وەك "بزووتنەوەی رفراندۆم" یا "کەمپینی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی.." هەبون و ئەمانەش بۆخویان بەهەرمانایەك بیت هەولیان داوە، بەلام ئەم ریکخراوە کەمپین‌و ئیمزاکۆکردنەوەو بانگەوازو کۆرو سمینار نییە بەتەنها، بەلکو ریکخراویکی سیاسی جەماوەریە، کە دەوری رابەرایەتی‌و ریکخستنی نارەزایەتی خەلکی دەکاتە هەلسورانی سیاسی خۆی‌و وەك هیزیکی جەماوەریی سیاسی لە مەیدان‌و کیشمەکیشی سیاسی لە کوردستانی عیراقدا خۆی دەرئەخات‌و بۆ دەسەلاتی سیاسی تێدەکۆشیت، بۆیە ئەم ریکخراوە بەرنامەی سیاسی‌و پەیرەوی ناوخۆیی هەیەو ئەندام گیری بە فراوانی دەکات‌و بنکەی جەماوەری لە گەرەکی شارەکان دەکاتەوە، دەستەی کارگیری لە راستای هەلسورانی سیاسی جەماوەریدا هەول ئەدا تا شەش مانگی تر کۆنفرانسی ئەم ریکخراوە ئامادەبکات واتە ئەم ریکخراوە وەك هەر ریکخراوکی سیاسی رابەرایەتی‌و ریکخراوەو ئۆرگانەکانی هەیە، هەربۆیە نە لە دریژەی کەمپینەوە پیك هاتووە نە ناوگورینە.

**خەسرەو سایە: باسی دەستەی کارگیریتان کرد دەکریت بۆ خۆینەری ئۆکتۆبەری رۆشن کەنەوە مەبەستتان لە دەستەی کارگیری‌و سەلاحیەتەکانی چین، پیکهاتنی ریکخراوەکەتان لە ئیستادا چۆنە.**

ئەمجەد غەفور: سەرەتا وەك دەستەی دەمەزرینەر ئیمە ئاسۆ کەمال، زمناکۆ عەزیز، ئەمجەد غەفور ریکخراوەکەمان راگەیان بە بلاوکردنەوەی لە بەیان نامەیەکدا، ئەم بەیاننامەیە بۆ ناساندنی ریکخراوەکەو دامەزراندنی بوو، هەلبەتە بەدوای ئەو بەیاننامەیە بەردەوام نامەمان بۆ دیت کە پیرۆز بایی‌و داوای ئەندامەتی دەکەن، بۆ ئەوەی بەشیوەکی ریکخراوەیی دەست بەکارەکانمان بکەین لایەنی ریکخراوەیی ریکبخەین بۆ ئەم مەبەستە پیش هەموو شتێ پیوستە رابەری‌و سەلاحیەتی رابەری ئەم ریکخراوە دیاری بکریت تا کاتی گرتنی کۆنفراسی گشتی، بۆیە بریارماندا دەستەی کارگیری پیك بهینین لە ئاسۆ کەمال، فاتح شیخ ئیسلام، زمناکۆ عەزیز، ئەمجەد غەفور. مەسئولیەتی ئەم دەستەی کارگیریە رابەرایەتی "کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان" دەکات تا کاتی گرتنی کۆنفراس کە یەکێ لە کارەکانی هەولدانە بۆ ئامادەکردنی پیداویستەکانی کۆنفرانسی ئەم ریکخراوە تا شەش مانگی ئایندە، لەم دەستەی کارگیریەدا ئەمجەد غەفور هەلبژیردرا بە سکرتیری ریکخراوەکەو ئاسۆ کەمال بە جیگری سکرتیر، هەروەها لە ماوەیەکی دیاری کراودا بە گویرەی پەیوەست بونی کەسایەتیوکانەوە شورای مەرکەزی پیك دهینین کە ژمارەیان 25 کەس دەبیت، ئەم شورا مەرکەزییە دەوری راویژکاری دەبیت کە دەستەی کارگیر بۆ راویژکردن مانگانە کۆبونەوەیان لەگەلدا دەکات، هەروەها بەردەوام لە هەولی ریکخستنی ریزەکانیدا دەبین.

**خەسرەوسایە: لەیەکیك لەبەندەکانی ئامانجی ریکخراوەکەدا ووشەی "غەیرە قەومی وغەیرەدینی" هاتووە. حیکمەتی ئەمە چیە؟ ئایا ئەمە نابیتە هۆی ئەوەی بەربەستیك بۆ جەماوەری بوونەوەی ریکخراوەکەو، بەتایبەتی پەیوەستبوونی کەسانیك کەهەلگری بیری نەتەوەیین لەم ریکخراوەیە دورخاتەوە؟**

ئەمجەد غەفور: ئەگەر سەرنج بدەن لە وەلامی پرسیاری یەکەمدا تاکیدم لەسەر ئەوەکردووە بۆ جیابونەوەی کوردستان لەو شوینەوە مەترەح دەبیت کە پیناسەی دەولەتی عیراق وەك دەولەتیکی قەومی عەرەبی ناسینراوە، پیناسەی هەر دەولەتێك لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژی، قەومی، دینی پیکهینانی دەولەتیکی ئیستبدایو نائینسانیە، رەسمیەتدانە بە ئیمتیازدانی نەتەوەیەك، دینیك، ئایدۆلۆژیایەکو بەدەرجە دوو کردنی ئاینو نەتەوەو ئایدۆلۆژیایەکانی ترە، فەرزکردن و لە قالبدانی چوارچیوەی ژیانی ئینسانەکانی ئەو وولاتەیە لەسەر ئەساسی دینو نەتەوەو ئایدۆلۆژیەکی دیاریکراو، هەر ئەوەی کاتی خۆی حکومەتی بەعس مەرجی بۆ هاوولاتیان بەعسی بون بوو، دەیان ووت هەموو عیراقیەك بەعسیە، بەزۆرە ملی ئیمزای بەعسی بونی بە هەموو هاوولاتیەك دەکرد، حکومەتەکەشی رەمزی بۆگەنترین شۆفینستی عەرەبی بوو. جا مەرجی رزگاری خەلکی کوردستان لە ستەمو زولمی قەومی، بەدەستهینانی ئازادیو مافی ئنسانی لە دەولەتی کوردیو دەولەتی ئیسلامیدا نییەو لەو رێگەیەوە بەدەست نایەت، بەلکو لەسایەی دەولەتی غەیرە دینیو غەیرە قەومیدا، ئەگەر دەولەتی عیراق غەیرە دینیو غەیرە قەومی بیت خەلکی کوردستان دەرگیری ئەم کیشەیە نەدەبون، بۆیە ئیمە نەك بەدوای بەهیزکردنی بزوتنەوەی ناسیۆنالستیەوە نین ئەو بزوتنەوەیەی کە سەرچاوەی دەردی سەریو نەهامەتیە بەلکو دەمانەوێ خەلکی لە خۆش خەیالیو کۆنترۆلی بزوتنەوەی ناسیۆنالستی رزگار بکەین، ئامانجی ریکخراوەکەشمان رزگاری خەلکیە لە ستەمو ژیر دەستیو گەرانەوە بۆ دەورو ئیرادەی خویان، بۆیە ریکخراوەکەمان بەهیزکردنی حەرەکەتیکی ئینسانیو خواستی ئینسانیو رزگاری ئینسانەکانە لە هەر جۆرە زولمو ستەمیك، هەر بۆیە ئەو دەولەتەی دای دەمەزرێنین دەبیت غەیرە قەومی بیت. هەولدان بۆ پیك هینانی دەولەتی کوردی ئامانجی بزوتنەوەی ناسیۆنالستیە کە لە وەلام بە لابردنی ستەمی خەلکی کوردستانەوە سەرچاوەی نەگرتووەو نایگریت، کەسانیك کە هەلگری بیری نەتەوەیینو دەیانەوێ دەولەتی کوردی دابمەزرینن ئەوە ریکخراوو حیزبی کوردایەتی هەن گەر بێ ئومید نین لێیان ئەتوانن جیگایەك بۆ هەلسورانی بیری نەتەوەییەکەیان پەیدا بکەن، بەلام کە بوو بە ئەندامی "کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان" بیری نەتەوەییەکەی وەك هەر بیریکی تر بەلای ئیمەوە مەسەلەیەکی شەخسی خۆیەتی، لە ریکخراوەکەی ئیمەدا دەبیت بۆ ئاماجەکانی ئەم ریکخراوە تێبکۆشیت، ئیمە قەبولی هەموو ئەوانە دەکەین کە ئامانجەکانی ئەم ریکخراوە قەبول دەکەنو خەباتی بۆ دەکەنو دێنە ریزەکانی ئەم ریکخراوەوە، ئیتر بۆ خۆی هەر بیرو بۆچونیکی تری هەبیت ئیمە وەك مەسەلەیەکی شەخسی بۆی دەروانین، هەرکەسو لایەنیکیش ئیستا بیر لە بەرژەوندیو ئایندەی خەلکی کوردستان دەکاتەوەو بۆی مەسەلەیە ئەوە "کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان" ئەو ریکخراوەیە کە جەماوەری کورستان ریکدەخات بۆ پیکهینانی دەولەتیکی سەربەخۆ لە کوردستاندا، با پەیوەست بن بەریزەکانی ئەم ریکخراوەوە.

**خەسرەوسایە: هاوری ئەمجەد هەروەك ئاگادارن پیکهاتیکیتر بەناوی "بزوتنەوەی ریفراندۆم" بۆ داواکاری بەرپاکردنی ریفراندۆمیك لەکاردایە، پەیوەندی ئیوە بەم پیکهاتەوە چیەو چ جیاوازیەکتان لەگەلیان هەیە؟ ئایا باشترنیە لەگەلیان یەکبگرن و ئەم هەموو ریکخراوەیە کەخەلکی توشی سەرەگیژەدەکات بۆیەك خواست لەمەیداندانەبی؟**

ئەمجەد غەفور: هەر پیکهاتیکی تر بەدوای بە هیز کردنی بەرپاکردنی رفراندۆمەوە بیت بە قازانجی کارەکانی ئیمەوەیە ئەتوانین کۆمەك بەیەکتر بکەین، بەلام جیاوزی ئیمە لە گەل هەر پیکهاتو ریکخراویکی تردا هەر وەك پیشتر ئاماژەم پیکرد ئیمە ریکخراویکی جەماوەری سیاسی بە هیز پیك دەهینین کە کیشمەکیش لەسەر دەسەلاتی سیاسیو سەربەخۆیی کوردستان دەکەین، بزووتنەوەی رفراندۆدم تەنها وەك کارکردی فشار هینان هەلسورانی خۆی دەکات بۆ بەرپاکردنی رفراندۆم، هەروەها ئامانجو بەرنامەیەکی سیاسی دیاریکراوی بۆ پیك هینانی ئایندەی دەولەتی کوردستان نەخەستۆتە دەستوری کارەوە، هەربۆیە میکانیزمی کارکردنیان دەبیتە دەستکەوتو قازانجیك بۆ ئەو هیزانەی دەسەلاتدارن لە کوردستاندا، بە ئاسانی ئەتوانریت دەست بخریتە ناو کاروبارەکانیەوەو بزووتنەوەکەیان وەرچەرخیت بە گویرەی سیاسەتو بەرژەوندی هیزە سیاسیەکان نەك خەلکی، ئەمەش جیاوازییەکی جدی ئیمەو بزووتنەوەی رفراندۆمە، هەروەها ئەو بزووتنەوەیە تەنها خۆی لە بەرپاکردنی رفراندۆمدا قەتیس کردووەو دروشمیکی دیاری کراوی نییەو رفراندۆم لە پیناوی رفراندۆمدا دەکات نەك بۆ خواستی جیابونەوە، کاتی هەول ئەدریت بۆ ئەوەی رافرندۆم بەری بخریت دەبیت مەعلوم بیت بۆ کام ئامانج دەکریت، رۆشن بیت چی بە قازانجی خەلکیە، دروشمی ئەسلی لەو رفراندۆمەدا چیە، وەك پیشتر رونم کردەوە، واقعیەتی ئیستای عیراقو کوردستان، پیداگری لەسەر سەربەخۆیی کوردستان بە قازانجی خەلکی دەبیت، ئیمەش بۆیە ریکخراوەکەمان ناو ناوە "کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان".